# "شین"

## لازۆ



پیاوێک لەشەوێکی شینا، لە پاسێکی شینا، بەدەنگێکی شین پێیوتم:

**یەکەم جار کوێت ماچ کەم؟**

**دواهەمین جار کوێت ماچ کەم؟**

**تا ئەبەد کوێت ماچ کەم؟**

هەمیشە باران ئەبارێ کە ئەو دێ

با پڕ ئەبێ لە بۆنی گوڵی بادەم،

مۆسیقا وەک جۆگەلە ئەڕژێ.

کە ئەو دێ

من. کچە کێوییەکەی ناو دنیای شیعر

بێ ئەوەی باڵەکانم داکەنم ئەبمە فریشتەیەکی تەنهای ژێر باران.

منی کاڵ. منی کچ. منی ناو قەڵای خەیاڵ.

نازانم

ئەوەی ئەملێسێتەوە لێوی تەڕی ئەوە یا باران؟

ئەوەی وشکم ئەکاتەوە هەناسەی گەرمی ئەوە یا ترسی خوا؟

ئەوەی ختوکەی گۆی مەمکەکانم ئەیا. هەناسە بڕکێی ئەوە یا سەبا؟

ئەوە دەنگی تکە تکی چۆڕانەوەی باڵەکانمە. یان دەنگی بارانی سەر پەنجەرەکەم؟

وەی خوایە

باران لە باڵەکانم ئەتکێ

دنیایەک جۆگەلەی برۆنزی لە ڕووتووقوتیم ئەچۆڕێ.

وەی خوایە

چەند جوانە کچبیت

چەند خۆشە ژنبیت.

ئەو پیاوە شینەی لە شەوێکی شینا

لەبەر ویزگەی پاسێکدا بینیم،

لەبری خۆ پێناساندن پێی ووتم:

"یەکەم جار کوێت ماچکەم

دواهەمین جار کوێت ماچکەم

بۆ ئەبەد کوێت ماچکەم."

لەبری خۆ پێناساندن من سەرم خستە سەرشانی و

ئەو شەوە لە ڕێگەی شاری شینا .بۆ یەکەمجار شیعرێکی شینی بۆ خوێندمەوە،

لەخۆشیاندا ماچمئەکردو ئەمووت:

هاوڕێ گیان چەند جوانە ئەم شیعرانە،

چەند ئەبەدین شینێتی ئەم ساتانە.

ئەو ئەیووت:

با ماڵێکی نهێنی لەناو هەڵمی هەناسەکانی هەردووکماندا دروستکەین،

هەرچ کاتێک ویستمان بچینە ئەوێ و پەنجەرەکان بخەینەسەرپشت

لەسەر هەڵبڕینمانا دەریا ببینین.

لەگەڕان بەدوای گوڵێکی پەمەییا ژێر هەورەکان بگەڕێین.

پیاوێک.

شەوێکی شین.

لەسەفەرێکی شینا.

لەبەردەم ویستگەی بۆنی گوڵێکا کە چاوەڕوانی با بوو بینیم،

باوەشی پیاکردم و ووتی:

خوایە چەندە چاوەڕوانمکردی.

پەنجەکانی خستە قژمەوە:

نابینی لەچاوەڕوانی تۆدا من شین بووم.

بۆنی عارەقەی شینی سەرسنگی ئەو پیاوە لە پێستم دێ

کە ئەچمە بەر پەنجەرەکە. هێشتا هەڵم لەباڵە تەڕەکانم هەڵئەستێ و

بەچاوی خومارەوە بەڕووتی لەو شەوە شینەدا هەردووکمان ئەبینم.

بە شەپۆلی هەناسە شینەکانی.

کچێتیم بزە ئەیگرێ و چاوم ئەکەوێتە سەر خەیاڵ،
من شل. شلتر لە وەرینی توییەکی شیرین ئەوەرێمە سەر سنگی و
ئەو بە نووکی زمانێک ئەمخاتەوە بەینی لێوەکانی و لێورێژئەبم لە زەردەخەنە.
مەمکەکانم خڕترئەبن،
مەمکەکانم نازی جوانی بەسەر خڕێتی میوەکانی دنیادا ئەکەن،
تووڵی سەبەتەی میوەکان لەتاو خڕێتی مەمکەکانی من چرۆدەرئەکەنەوە.
وەی کە خڕن مەمکەکانی من.

من لەژێر ئەو پیاوە شینەدا لەسەر ئاسمانی شینی ئەو شەوەدا پاڵکەوتبووم
من لەهەرمێیەکی شەرمن ئەچووم و
ئەو لە قەپاڵێکی شین.
وەک بۆڵێ ترێی ناو ئاوی شینی کانییەک بەنووکی پەنجە ئەیگرتم و تەڕایی ئەمژیم،
منیش وەک جوانوویەک کە تازە فێری سمکۆڵان بێت بەناو بەرزایی سنگی ئەودا
سەرئەکەوتم و ئۆخژن لەهەناسەمەوە ئەفڕی.

هەناسە سپییەکانی من تێکەڵ بەهەناسە شینەکەی ئەو ئەبوو
من وەک دەریایەک کە ماسییەکانی هەمیشە لەبەر ئاوێنەدا سەیری خۆیان بکەن.
ئەویش وەک ئاسمانێک کە هەمیشە پڕبێت لە شەقەی باڵی باڵدارەکان،
تێکەڵبووین.
تێکەڵبووین.
تێکەڵ.

پیاوێکی شین.
کاڵ وەک ئاسمان.

## تۆخ وەک دەریا

شەوێک منی برد بۆ شاری شووکردن

منی برد بۆ لای خۆم. خۆمی برد بۆ لای خۆی،

پیاوێکی شین.هەم شینێتی ئاسمان و هەم شینێتی دەریای بەئەمانەت لابەجێهێشتم،

تا شەوێکی شینی تر.

لەسەفەری شارێکی شیندا،

لەبەردەم ویستگەی پاسێکی شیندا ئەیبینمەوە و

شیعرێکی نەنووسراوی شینی تری خۆیم بۆ ئەخوێنێتەوە.

2006-2-26/25